# وەلأمێك بۆ گۆرانی بێژ شەهرامی نازەری

## گۆرانی مەڵێ لە ژێر ئالأی كوردستان

نوسینی/محەمەد گەلاڵەیی

كوردستانی باشوور_شاری سۆران

2006/2/15-14 _چوارشەمە

سەرەتادەمەوێت بەو چەند دێرە دەست پێ بكەم،دوای ئەوەی كەزانیم شەهرامی نازەری كە گۆرانی بێژێكی ناوداری كوردستانی رۆژهەلأتە ئەم هەواڵەش لە دوا لاپەری رۆژنامە (میدیا)لە ژمارە(228)ی رۆژی 2006/2/14 بینم كە نووسرابوو شەهرامی نازەری ئالأی كوردستان رەتدەكاتەوە كە ئەمەش لەدوای ئەوەی كۆنسێرتێكی گۆرانی لە شاری(سان دیاگۆ_ئەمریكا)لەلایەن كوردانی ئەو شارەورێكخراوی كوردی_ئەمریكی پێگەیاندنی كۆمەلأیەتی رێكخرابوو.بۆیە لەم ئاهەنگەدا ئالأی كوردستانی رەتكردبۆەوە بە تێكەلأبوونی بەسیاسەت دانابوو..!!ئەمەش هانی دام وەكو باشووریەك وەلأمی كاكە شەهرام بدەمەوەوبلێم:

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالأی كوردستان
ئەمریكا وولأتی سیاسەت نی یە..1
بەڵكو وولأتی ئازادیو
دیموكراسیە

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالأی كوردستان
مەترسێ لەوولأتەدا
چونكو تاراوگەی كوردانە
گۆرانیشت بۆ هاونیشتمانانە
نەك بۆ عەرەبو،فارسوتوركانە

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالآی کوردستان
چونکی وولآتی فارسانە..!
کورد تێدا مێوانە
بەلآم لەبەر خاتری زەمانە
بابژین لێرانە
کەچی لەحەقیقەتدا
ئەمریکانە..

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالآی کوردستان
باجاری سەربەخۆیی
کوردستان بدرێت
لەژێرئەو ئالآیەکە پێشەوا قازی محەمەد
لەسەرە مەرگیشا سوێندی پێ خواردووە
بەو ئالآیە کە
لەتۆ بەلآیە..!!

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالآی کوردستان
لەناو کۆمەڵی کوردان
لەناوپەناهەندان و
سەرگەردانان و
بێ خاوەن دەوڵەتە
کوردەکە با...

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالآی کوردستان
شەرموخەفتبارانە

بەلآم لەوولآتی داگیرکەران
شانازیوپیاوەتییە..!
بەلآم لە ژێر ئالآکەمان
کە کوردساتنیە
کاری سیاسیە..!!

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالآی کوردستان
چونکێ تۆ کوردیو
قارەمانونەترسی
ئازاتری
لەشوانەی سەید قادریو
شێرکۆی ئەمینی
بەڵێ مەڵێ..با
لەژێر ئەو ئالآ
گەورەیە نەك نەمێنیو
وولآتی فارس لێ وون بێت

گۆرانی مەڵێ
لەژێر ئالآی کوردستان
هەرمەڵێومەڵێ
گۆرانی بە کوردی گەر
لەژێر ئالآکەت نەبێت
چونکە تۆ فارس نیت
بەڵکو کوردیوئالآت
هەیەوکرماشانی